دادگای تاوانکانی کەرکوک سزای هەتاهەتایی بە دوو تەمەتباری ماددەی هەشبەر دەرکرد

ئەمڕۆ یەکشەممە، دادگای تاوانکانی کەرکوک دوو سزای هەتاهەتایی بە دوو تەمەتبار دەرکرد بە تاوانی بازرگانیکردن بە ماددە هەشبەرەکانەوە. لە ڕاگەیەندراوێکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا هاتووە:- دادگای تاوانکانی کەرکوک دوو سزای هەتاهەتایی بەسەر دوو کەسدا سەپاند، بە تاوانی بازرگانیکردن بە ماددەی هەشبەرەوە. وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- تەمەتباری یەکەم بە هەڵگرتنی (1،065) کیلۆیەک و شەست و پێنج گرام ماددە هەشبەری لەری ئیم فیتامین و ترامادۆڵەوە دەستگیر کراوە،دووەمیان بە هەڵگرتنی (810) گرام مادەی هەشبەر لەجۆری ئیم فیتامینی هەشبەر گیراوە.

ڕاگەیەندراوەکە ئاوەشی خستەڕوو:- کە دادگا دوو بڕیارەکەی لەسەر بنەمای بڕگەکانی مادەی 28/یەکەم لە یاسای ماددە هەشبەرەکان و ماددە دەروونییەکان ژمارە 50ی ساڵی 2017 دەرکردووە.